www.kurdistannet.org
18/06/2002 19:27

# دوو هاوڕێی لە دڵاشیرین

حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ / هۆڵەند

## ١ـ دار سنەوبەرەكەی كانیێسكان

ڕێژنەی بارانەو عەودالی پیاسەی
دەم ئێوارانی شەقامی چۆڵم . . .
باران هاوڕێمەو ، باران دەستگیران
پەژموورده نیم و تاراوگەی ژووان بەجێدەهێڵم . . .
***
شەستەی بارانەو لە هەوارگەی كۆن
لەولا تەنیشتە ی سیلەی كانیێسكا ن ،
لەژێر ساباتی درەختی "سەروو "ی
پیرو لاوازا بۆ تاوێ وەستام : بێ وورتە و هێمن
من و دارسەروو وەك دوو هاودەمی بێ نازو شەرمن . .
گوێمان بۆ دەنگی تاوە بارانی خوڕڕەم گرتووە . .
گەلاڕێزانەو ،
دەروونی ماندووی بێدار نوستووە . . . . . .
/ – هەرچەند بەلێزمەو گڤەی "با "ی تەزیو
. . . . . . . . . . زۆر ماتو گێژم ،
پێم خۆشە تاوێ ، ئازار و دەردی درەختی دێرین
. . . . . . . . بە دڵ بچێژم /
– [ ئەو تێڕاما بوو ، بۆ خۆی ئەگریا
ترس لە دڵیا بوو ، ڕۆژێ لە ناكاو
قەدی بڕزێ ،
باخەوان بمرێ و نەیگاتێ فریا . . ]
***
ڕێژنەی بارانەو ،
من و دار سەروو هەردووك بێدەنگین
پشتمان بە پشتی یەكداوەتەوە . .
چاوەڕوانین تا :

www.kurdistannet.org
18/06/2002 19:27

ئەو دەمەی چرای بارانی ڕەحمەت ئەکوژێتەوە . . ! !

* * *

وەشتی گریانەو سروشت بێ مەیلە
من و دارسەروو : ترسمان هەیە
وەك چاوی مەیبو . . وەك ماسی بێئاو . .
وەك گوڵی وەریو . .
هەردووك بڕین و کەس پەڕەی ژینمان هەڵنەداتەوە . ! !
– هەتا هزرکا ، بۆ دوور ئەڕوانین ، . . بیرە کەینەوە
لەڕوانینمانا ، دەروازەی [ ئەمەل ]
بەرووی تریفەی ئەستێرەی ژینا . .
وەها داخراوە هێجگار پەرۆشین . .
وەك سەربازی وون ، دڵی هەتیومان
ڕۆژێ لەڕۆژان :
نەبێتە هۆبەی نەغمەی هۆنراوە . . . .

+++++------- +++++++

## ٢- دەریا سەرسپییەکەی بەیرووت

یەکەمجار بوو ، کە دەریام دی . .
لێی چوومە پێشەوەو بە هێمنی ، بە ئاستەم لێم پرسی . .
– ئەی دەریای جوانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا ، ئەی دەریای سپی :
دەمێك بوو تامەزرۆ بووم لە نزیکەوە میوانت بم . .
قاوەلتییەك یەك بدوێنین : بەیانیانێ ،
یان چێشتەنگاو ، یا عەسرانێ . .
من وامزانی بۆیە "دەریای سپی "یت ناو لێنراوە
" وەك خۆم ئاسا " بێکەس و غەریب بە وڵات و ئازیزان . .
تینوویێتیان بە دیدارت قەت نەشکاوە . .
* من وامزانی : شەپۆلی نازت ، چاوی سپیت ، خەم و دەردی
ڕێبواری وون ئەشواتەوە . .
مەینەتی و نیگەرانی پیاوی سەرگەردان ئەخواتەوە . .
+پاش ماوەیێ ، هاوبەندی و هاودەنگی . .
زۆرم ووت و بۆ باسکردی ،
زۆرم خەونی ڕەش و سپی لا درکاندی
بەڵکو خوایە :یا مژدەیێ ، یاخود دەنگ و هەواڵێکم
لە بینایی و ڕۆحی پەژموردەوە . . . ,لە ئازیزی بێکەسەوە . .
لەڕێی هەور و بارانەوە . . یا لە وێردی نەورەسەوە . .

www.kurdistannet.org
18/06/2002 19:27

وەلامێکی ڕاستەقینەم، یا هەرهیچ نەبێ لابەلایێم بۆ دێنیتەوە . .
- بەلام هەیهوو ! هەناسەسارد ، هەشبەسەرت ! !
غەرقی و لەمن وێرانتری . . تۆش ئاوێنەی بۆ غوربەتی . .
تۆش چیایەك ، بەرزی بۆ سەرسەختی
"هێی دەریای جوان ، دەریای سپی :
خۆ تۆش وەکو ملیۆنەها ، گوێت لە هاوارو دادی کەس نییە !
خەمی بێکەسی خۆت ئەخۆی . .
ئێستا زانیم ، ڕێبواری نامۆ ، ولاتی وێرانە تۆی . . ! !
شای غوربەتی و پادشای بێکەسانیش ، هەر تۆی
دەریای سپیش ، هەروەکو خۆم
پادشایەکی هەتیو و بێ نیشتمانە . .
وەکو خۆم نوغرۆی غوربەتە . . بێ هیواو بێ دەرەتانە ! !
هێی دەریاکەی خانەخوێم : مالی چوڵ وشەوی کپیم " ( ✻ )
ئەی هاوزاری چاوی ڕەش و دلی سپیم
---------------زستانی ٩٢ / بەیروت

( ✻ ) ------------------------------------

مالی چوڵ و شەوی کپیم . . وابزانم لە گۆرانییەکی - داریوش - ەوە هاتووە .